# ئامۆژگاری بۆ

# نەخۆشی سەراسێ

خانمەدکتۆر ئەوین باییز



نەخۆشی سەراسێ دائەنرێت بەنەخۆشیەکی درێژ خایەن ، بەڵام تاوەکو ئێستا بەتەواوی هۆکاری تووش بوون و چۆنیەتی دۆزینەوەی نەخۆشیەکە و چارەسەری کۆتایی بۆی بەدەست نەهێنراوە.

ئەگەر زانیت خۆت ئەبینیتەوە و نیشانەی سەراسێت هەیە ، ئەوا بەزووترین کات سەردانی پزیشکی چارەسەری خۆت بکە

یان ئەگەر ئازارو سەرئێشەی بەهێزت هەبوو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ و کت و پڕ گۆڕانکاری بەرچاو و جیاوازت هەست پێ کرد لەو سەرئێشەیەدا. ئەوا دیسان بەزووترین کات ئاگاداری پزیشکی چارەسەر بکە، هەروەها ئەگەر ئەم نیشانانەی خوارەوەت هەست پێ کرد:

١- ئازاری سەرئێشەی بەهێز وەک برۆسکە و چڵ دان

٢- سەرئێشە لەگەڵ تا ، ڕەوق بوونی مل، پەڵەی سەر پێست، هەست کردن بەگێژی و بێ ئاگایی لەدەوروبەر ، گەشکە، بینینی یەک پارچە بە (٢) پارچە، بێ هێزی ، سڕبوونی پەلەکان و گیروگرفت لەقسەکردن.

٣- سەرئێشە لەدوای بریندداربوون و ئازار پێ گەیشتنی سەر بەهۆی ڕووداوێکەوە

٤- سەرئێشەی بەهێز لەدوای ماندوو بوون و وەرزش کردن و نوشتانەوەو کردارێکی زۆر خێراو لەپڕ

٥- ئەگەر تەمەنت لەسەروو (٥٠ )ساڵی بوو تازەو کت و پڕ و ئازارێکی بەهێزی سەرت بۆ پەیدا بوو.



**سەراسێ لە منالْدا بلاْوە ، بەلاْم زۆر بە دەگمەن بە هێند وەرئەگیرێت ، بەمە دەستنیشان و چارەسەرەکەی زۆر دوا ئەکەوێت و منالْەکەش هەر بە دەست سەرێشەوە ئەنالْێنێت**